ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

# Difficulties in using active learning strategies in the basic stage from the point of view of teachers

*Corresponding author:
Dr. Zana Othman Mohammed
Department of Special Education, College of Education, Charmo University
Email:
Zana.othman@chu.edu.iq

**Keywords**: Difficulties, active learning, teaching strategies.

A R T I C L E   I N F O

***Article history:***

*Received* *20 Dec 2024*
Accepted 26 Dec 2024
Available online 1 Jan 2025

CC BY

A B S T R A C T

The current research aims to find out the difficulties facing basic school teachers when applying active learning strategies in teaching from teachers' perspectives. In order to achieve the research objectives, the researcher followed a descriptive-analytic approach. The tool used for gathering the data was a questionnaire that consisted of (23) statements distributed over four sections. The research population consists of basic school teachers in Chamchamal Directorate of Education, and the research sample reached 123 teachers, (45) male teachers and (78) female teachers. The results revealed that most of the difficulties facing teachers in using active learning strategies are the ones related to the teachers themselves, in which its mean reached (3.241) which is a high level. This is followed by the difficulties related to the environment of education in which its mean reached (3.007) which is considered an average level. This is followed by the difficulties related to the students, with the mean of (2.816), classes as an average level, and finally the difficulties related to the curriculum comes in which its mean reached (2.737).

The results also showed that there was no statistically significant difference between teachers' opinions about the difficulties faced by basic school teachers when applying active learning strategies in teaching according to the variables of gender and experience. The study came out with a set of recommendations addressing Ministry of Education to pay attention to active learning, and hold training sessions on active learning and its teaching strategies.

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4000

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**صعوبات استخدام استراتيجيات التعلم النشط في المرحلة الأساسية من وجهة نظر المعلمين**

م.د. زانا عوسمان محمد/قسم التربية الخاصة، كلية التربية، جامعة جرموو

**الخلاصة:**

يهدف البحث الحالي إلى معرفة: الصعوبات التي تواجه معلمي المرحلة الأساسية عند تطبيق إستراتيجيات التعلم النشط في التدريس. ولتحقيق أهداف البحث اتبع الباحث منهجا وصفيا، فقد أعدت أداة تمثلت في: استبانة مكونة من (23) عبارة موزعة على أربعة محاور. يتكون مجتمع البحث من معلمي المرحلة الأساسية في مديرية تربية جمجمال. وقد بلغت عينة البحث 123 معلما ومعلمة. (45) معلما و (78) معلمة. لقد كشفت النتائج إلى أن أكثر الصعوبات التي تواجه المعلمين في استخدام إستراتيجيات التعلم النشط، هي الصعوبات التي تتعلق بالمعلم بلغ الوسط الحسابي (3.241) الى مستوى مرتفع. يليها الصعوبات التي تتعلق ببيئة التعليم. بلغ الوسط الحسابي (3.007) الى المستوى المتوسط، الصعوبات التي تتعلق بالطلبة بلغ الوسط الحسابي (2.816) الى المستوى المتوسط. وتأتي أخيرا الصعوبات التي تتعلق بالمنهج الدراسي بلغ المتوسط الحسابي( 2.737).

كما أظهرت النتائج عدم وجود فرق ذو دلالة إحصائية بين آراء المعلمين حول الصعوبات التي تواجه معلمي المرحلة الأساسية عند تطبيق إستراتيجيات التعلم النشط في التدريس، حسب متغير الجنس والخبرة.

وقد خرجت الدراسة بمجموعة من التوصيات والمقترحات منها: ضرورة اهتمام وزارة التربية و التعليم بالتعلم النشط، و عقد ورات تدريبية خاصة بالتعليم النشط و استراتيجيات تدريسه.

**الكلمات المفتاحية**: الصعوبات، التعلم النشط، إستراتيجيات التدريس

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پوختە

ئامانجی توێژینەوەکە زانین و خستنەڕویی ئاستەنگییەکانی بەکارهێهنانی ستراتیژەکانی فێربوونی کارایە لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، ئامرازی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە فۆڕمی ڕاپرسی کە لە (٢٣) بڕگە پێکهاتوە دابەشبوە بەسەر چوار تەوەردا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە هەموو مامۆستایانی قۆناغی بنەڕتی سنوری پەروەردەیی چەمچەماڵ، ئامرازەکە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە کە جێبەجێکرا کە (١٢٣) مامۆستا بوو، (٤٥) لە ڕەگەزی نێر و (٧٨) لە ڕەگەزی مێ، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە، نمرەی گشتی ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە لەسەر ئاستی بوارەکان زۆرترین ئاستەنگەکانی تایبەت بوو بەمامۆستا ناوەندی ژمێریی بریتی بوو لە( ٣,٢٤١) و بە ئاستی بەرز، پاشان بەژینگە قوتابخانە و ناوەندی ژمێریی بریتی بوو لە(

٣,٠٠٧) بە ئاستی ناوەند، ئاستەنگەکانی تایبەت قوتابیان ناوەندی ژمێریی بریتی بوو لە (٢,٨١٦) بە ئاستی مام ناوەند، ئاستەنگی تایبەت بە پرۆگرام و بابەتی خوێندن بریتی بووە لە (٢,٧٣٢).

ئەنجامەکان ئەوەیان دەخست کە جیاوازی ئاماری بەڵگەدار لە نمرەی ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێربوونی کارا لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوەکانی پسپۆڕی و ئەزموون بونی نەبووە، هەر بەپێی ئەنجامەکان کۆمەڵێک ڕاسپاردە خرانەڕوو بۆ کەمکردنەوەی ئاستەنگاکانی بەکاهێنانی ستراتیژی کارا لەوانە: پێویستە وەزارەتی پەروەردە خولی بەردەوام بۆ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بکاتەوە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێرکردنی کارا.

**کلیلی ووشەکان**: ئاستەنگ، فێربونی کارا، ستراتیژەکانی وانەوتنەوە.

**پێشەکی**:

هەمەجۆری شێوەکانی زانین و زانیاری و سەرچاوەکانی و خێرایی گۆڕانکارییەکان، داواکاری نوێ هێنایەکایەوە لە بواری پەروەدەی و فێرکردندا بەجۆرێک کە دەخوازێت نەوەیەک ئامادەبکرێت کە بتوانێت لەگەڵ ئەم گۆڕانکاری و نوێگەریانەدا کارلێک بکات، نوێکردنەوەی شێواز و تەکنیکەکانی فێرکردن وادەکات کە قوتابی نەک تەنها زانیاری وەربگرێت بەڵکو کەسێکی کارامەبێت و بەدرێژایی ژیانی و بتوانێت ئەو لێهاتوی و تواناو ئامادەییانەی بە باشترین شێوە بەگەربخات و بەکاریبهێنێت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پرۆسەی پەروەردەیی بەواتای هاوچەرخ، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەها و ئامانجەکانی پشت بە بارودۆخی کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی دەبەستێت و هەوڵدەدات نەوەیەکی هۆشیار ئامادەبکات کە بڕوای بە پەیامی نەتەوەکەی و ئامانجەکانی هەبێت و هەوڵی پێکهێنانی تاك دەدات، بەجۆرێك کە هەموو لایەنەکانی جەستەیی و ژیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و گیانی(روحی)و ڕەوشتی بگرێتەوە، هەروەها پێدانی بڕێکی پێویست لە زانیاری، بەو ئامانجەی بەشێوەیەکی هاوسەنگ گەشەبکات، و ببێت بە مرۆڤێکی چاکەکار و بەرهەمهێن.(زیعور، ٢٠٠٦: ١٨٩).

لەم نێوەندەدا ئاراستەی نوێ لە پەروەردەو فێرکردنی قوتابیان پێویستی کردوە کە فێربوون لە ڕێگەکانی وەرگرتن و ئەزبەرکردن زانیاریەکان و خستنەڕووەوە بگۆڕێن بۆ فێربونی کارا و چالاک، بە واتایی قوتابی گفتوگۆدەکات و ئاڵوگۆری بیرو ڕا بە ئازادیی لەگەڵ هاوڕێی و هاوپۆلەکانی دەکات، هەروەها لێکۆڵیەوە لە پەیوەندی نێوان بابەتەکان دەکات و گرێیان دەدات بەوانەی لە یادگەی خۆیدا هەیە و پاشان دۆخی زانستی نوێ و ژیانی رۆژانەیدا جێبەجێیان دەکات، تاکو خوێندنەکەی واتا و ئامانج و کاری هەبێت. (الركابي و كامل، 2023: 831)

گومان لەوەدا نییە کە ستراتیژی پەروەردەی مۆدێرن لە سەردەمی مۆدێرندا زۆر و جۆراوجۆرن تا ئەو ئاستەی کە مامۆستا دەتوانێت باشترین هەڵبژێرێت بە پێیی دۆخی داخوازیەکانی دۆخی فێرکردن و بەپێی ئەو ئامانجەی کە یەوێت بەدیبهێنێت. ستراتیژی فێربوونی کارا لە گرنگترین ستراتیژەکانن کەلەڕێگەی بەکارهینانیەوە دەتوانین فێربونێکی سەرکەوتوو بەدەستبهێنین بەپێی ئەو ئەزمونانەی کە قوتابی پێشتر بەدەستی هێناوە و کالێککردنی لەگەڵ ئەزموونە نوێکان لە ڕێگەک بەشداری کاریگەر لە نێو هاوپۆلەکانی ئەمەش بەشدار دەبێت لە چالاک کردنی ڕۆڵی قوتابی بۆ بەدەستهێنای زانیاری و لێهاتوی بەبەشداری مامۆستا کە ڕۆڵی ئاراستەکردن و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی فێرکەردن دەبینێت ( النفيعی، ٢٠١٦)

پێویستی فێربوونی چالاک لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەر سەریهەڵداوە، لەوانەیە دیارترینیان ئەو دۆخە بێزاری و ماندوبونەی کە قوتابیان دوای هەر دۆخێکی فێرکاریی سکاڵای لەسەر دەکەن، کە دەکرێت لە ئەنجامی نەبوونی یەکخستنی زانیاری نوێ لە یادگەیادندا لێک بدرێتەوە دوای هەر چالاکییەکی پەروەردەیی، لەبەر ئەوە توێژەران بایەخی زۆریکیان داوە بەم بوارەدا، چەندین توێژینەوە ئاماژەیان بە پێویستی ژینگەیەکی چالاکی فێربوونی کردوەکە فێترخواز لەنێویدا ڕۆڵێکی ئارێنی هەبێت، توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوەکردوە کە بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی کارا یارمەتیدەرە دەبێت لە پەرەپێدانی دەستکەوت و زیادکردنی ئەرێنی قوتابیان. و لەو توێژینەوانە: توێژینەوەی هانی ( Haney, 2003) و توێژینەوەی (خلف الله ٢٠١٤) و توێژینەوەی (بدر، ٢٠١٦) و توێژینەوەی ( الناصر، ٢٠٢٠)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ستراتیجیەتی فێربوونی کارا ڕەنگدانەوەی ئەو بیرۆکانە کە لەلایەن بیردۆزی بنیاتنەرانەوە پشتگیری دەکرێن، کە جەخت لەسەر گرنگی قوتابیەکان دەکاتەوە لە بنیاتنانی زانیاریەکانیان لە ڕێگەی کارلێککردنیان لەگەڵ ژینگەوە، نموونەکانی ئەم ستراتیژیانە بریتین لە: گروپە بچووک و گەورەکان، فێربوونی ئەزموونی، فێربوونی ڕاستەوخۆ، فێربوونی سەربەخۆ، وانەی گۆڕدراو، چیرۆک، لێکۆڵینەوەی حاڵەت و پرسیارکردن. (جودت، ٢٠٠٦)

بەکارهێنان و جێبەجێکردنی فێربونی کارا لە پۆلدا بەردەوم ڕوبەڕوی کێشە و بەربەست دەبێتەوە لە کاتێکدا داخوازی بەردەوامی مامۆستایان و قوتابیانە پێکەوە، گرنگیدان بە فێربوونی کارا بەهۆی بەردەستبوونی خێرای زانیاری نوێیە، ئەمەش دەخوازێت کە هەمیشەیی پێویستمان بە پەرەپێدانی لێهاتویەکان هەبێت.

لەم بارەیەوە توێژەران و پەروەردەکاران ئاماژەیان بەوە کردووە کە مامۆستایان ڕووبەڕووی کێشە و ئاستەنگی دەبنەوە لە جێبەجێکردنی فێربوونی کارا بە سەرکەوتوویی (المقاطي، 2018)،(سمارة، 2018)

لەبەر ئەوە، ئەم تـوێژینەوەیە هـاتوە بـۆ زانینـی ئاسـتی بەکارهێنـانی سـتراتیژی فێربـوونی کـارا لای مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە شاری چەمچەماڵ، هەروەها بۆ دیاریکردنی ئەو زەحمەتی و ئاستەنگانەی کە ڕێگری دەکەن لە بەکارهێنانیانز

1-1 كێشەی توێژینەوەکە:

ستراتیژی فێرکردن کارتێکی ناسنامەیە کە لە ڕێگەیەوە شێوازی مامۆستاکە دەناسرێتەوە، ئەمە جێدەستی مامۆستایە لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی وانەکە بۆ قوتابیەکانی، هەروەها ئەو وێنەیەیە کە ئەو لەگەڵ قوتابیەکەی کۆدەکاتەوە لە چوارچێوەی تۆڕی کارلێکی پەیوەندییەکان لە پۆلدا.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد کە زۆرینەی توێژینەوەکان و لێکۆڵینەوەکان کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێربونی کارایان لای قوتابیان سەلماندوە لە وانە توێژینەوەی (الجهيمي، 2009)، (الشربيني، 2012) هەروەها وەزارەتی پەروەدردەیی حکومەتی هەرێمی لە کۆکگرە پەروەردەییەکانی جەختی لەسەر فێرکردنی کارا و چالاک کردۆتەوە ڕاسپاردەیی ئەوەی داوە کە دەبێت مامۆستایان لە سەر ئاراستە نوێکای وانەوتنەوە ڕاهێنانیان پێبکرێت لە کۆنگرەی پەروەردەیی ٢٠٠٧ دا ئاماژەیی کردوە بەوەی کە دەبێت مامۆسیتاین ڕێگەکانی فێرمونی کارا لە وانەوتنەوەدا بەکار بهێنن و قوتابیان بەشداری چالاکانەیان هەبێت لە پرۆسەی فێربووندا (وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٧، لا ٤٤٦ ، ٤٦٩)، هەر لەم پێناوەدا وەزارەتی پەروەردە بەردەواجەختی لەسەر ڕاهێنان و مەشقپێکردنی مامۆستایان کردۆتەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوییو کارامەیی مامۆستاین دواین کارییان ڕگەیاندنی ستراتیژیەکە بەناوی (ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان ٢٠٢٣-٢٠٣٠) و ئاماژە بەوەکراو کە لە قۆناغی یەکەمدا دەبێت تەواوی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی ساڵانە ٣٠ کاتژمێر بەشداریی خولی ڕاهێنان بکەن، وەهەر قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ڕاهێنەرێکی بۆدانراوە کەبەردەوام نوێترین ستراتیژ و ڕێگەکانی وانەوتنەوە بە مامۆستایان ئاشنا بکات و ڕاهێنانی لەسەربکەن تاکو لە پۆلدا جێبەجێی بکەن( وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٢٣، لا٥)

بەڵام لە واقیعدا ئەوەی کە لە قوتابخانەکاندا دەبینرێت، ڕێگە نەریتی و و کۆنەکان بەکاردەهێنرێت کە لەسەر بنەمای پێوتن و قسەبۆکرن وەستاوە زۆرینەی مامۆستایان لە پۆلەکاندا و لەوانەوتنەوەدا بەکاریدەهێنن، بەم شێوەیە فێربوون شێوەیەکی تیۆری و زارەکی هەیە و ئەمەش بۆ هکاری ئەوە کە قوتابیان چالاک نەبن و لە خوێندن ودەرچوندا پشت بەکەسانی دیکە ببەستن کە هاوکاریی بکەن، هەروەها متمانە بە خۆبونیان کەمدەبێتەوە و پاڵنەریان بۆ خوێندن لاواز دەبێت.

هاوکات توێژەر لەسەدانی مەیدانی بۆ چەند قوتابخانەکان وەرگرتنی ڕای نمونەیەک بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان لەسەر شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایان ئەوەی بۆ دەرکەوت شیوازە نوێکان و ستراتیژەکانی فێربوونی کارا زۆر بەکەمی لە وانەوتنەوەدا جێبەجێدەکەن.

لەسەر بنەمای ئەوانەی خرانەڕوو و بەپێی ئاراستەی نوێ لە بواری پەروەردە و فێرکردندا و بە گرنگیدان بە ڕۆڵی مامۆستا و هەموو ئەو کارە پەروەردەیانەی کە لەسەر شانیەتی لە پرۆسەی فێرکردندا بەو شێوەییەی کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژی و دەبێتە پەرەپێدانی لێهاتوی و کارامەییاکانی مامۆستا، ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دەدرێت لە پوخت دەکرێتەوە لە دیاریکردنی ئاستەنگی و بەربەستەکانی ستراتیژەکانی فێربونی کارا لای مامسۆتایانی قۆناغی بنەڕەتی لە شای چەمچەماڵ لە هەرێمی کوردستان.

ئەوپرسیارانەی کەوا گرفتی توێژینەوەکە دیاری دە کات ئەمانەیە :

١- ئایا ئاستەنگیەکانی بەکارهێنانی ستراتیژیە کانی فێربوونی کارا لای مامۆستایانی قۆناغی بنە ڕەتی چی یە ؟

٢-ئایا جیاوازی ژمێریاری هەیە لە نێوان بۆ چوونی مامۆستایان لە ئاستی (٠,٠٥)سەبارەت بە بەکارهێنانی ستراتیژیە کانی فێربوونی کارا لای مامۆستایانی قۆناغی بنە ڕەتی، بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی و گۆڕاوی ئەزمون ؟

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**١-٢: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١- زانینی ئاستەنگیەکانی بەکارهێنانی ستراتیژیە کانی فێربوونی کارا لای مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بەپێی بوارەکان، ژینگەی قوتابخانە، مامۆستایان، قوتابیان، پرۆگرام.

٢- ئاستەنگیەکانی ستراتیژیەکانی فێربوونی کارا لای مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی، بەپێی پسپۆڕی و ئەزموون.

١-٣: گرنگی توێژینەوەکە:

١- زانینی ئاستەنگ و بەربەستەکانی ستراتیژەکانی فێربونی کارا لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە و چۆنینەتی چارەسەرکردنی.

٢- ڕونکردنەوەی گرنگی ستراتیژەکانی فێربونی کارا لە پۆلدا بۆ مامۆستایان و قۆناغی بنەڕەتی و هانیان دەدات بەکاریبهێنن.

٣- یارمەتی بڕیار بەدەستانی بواری پەروەردە دەدات کە چارەسەری گەنجاو بۆ ئاستەنگ و بەربەستەکانی دابنێن کە ڕووبەڕوی مامۆستایان دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی فێربونی چالاکدا.

٤- سودێکی بۆ ئەوانە دەبێت کە پرۆگرامی ڕاهێنان و مەشقکردن لە یەکەکانی مەشق وڕاهێنان دادەنێن تاکو لەبەر ڕۆشنایی داتاکانی نێو توێژینەوەکە دیزاینی بەرنامەکانیان بکەن بە جۆرێک لەگەڵ ستراتیژەکانی فێربونی کاردا بگونجێت.

٥- ئەم توێژینەوەیە بوار بۆ کە سانی تر دەڕەخسێنێت تاکو بتوانن لە م بوارەدا تۆژینە وە و لێکۆڵینە وەی ورد ئەنجام بدە ن بەهیوای باشتر کردنی ئاستی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی قۆناغی بنە ڕەتی.

**١-٤: سنوری توێژینەوەکە:**

١-سنووری مرۆیی: مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە بەڕێوەبەڕێتی پەروەردەیی چەمچەماڵ/ سلێمانی.

٢- سنووری شوین : قوتابخانە حکومیەکانی سەر بە بەڕێوەبەڕێتی پەروەردەیی چەمەچەماڵ.

٣- سنووری کات : وەرزی دووەمی خۆێندنی ئەکادیمی ساڵی خۆێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤.

٤- سنوری بابەتی: زانینی ئاستی ئاستەنگیی و بەربەستەکانە کە ڕووبەڕوی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبێتەوە لە کاتی بەکارهێنی ستراایژەکانی فێربونی کارا کە پەیوەستە بە مامۆستا و قوتابی و ژینگەی فێرکردن و پرۆگرامەوە.

**١-٥: پێناسەی چەمکەکان:**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

- ئاستەنگ:

(نیزامەدین، ٢٠٠٣)

ئاستەنگ: لە فەرهەنگی ئەستێرە گەشەدا هاتووە: شوێن و ڕێگایەکی تەنگ وتەسك (نیزامەدین، ٢٠٠٣، گ ١١)

پێناسەی (الشعبی، ٢٠٠٩).

بریتیە لە ئاستەنگ و لەمپەرانەی کەوا ڕێگری دەکات لە تاك کە ئامانجە دیاریکراوەکانی بەدیبهێنێت (الشعبی، ٢٠٠٩، ٥٤).

پێناسەی (ابو الحاج، ٢٠٢٢)

بریتیە لە ئەو ئاستەنگ و کێشانەی کە ڕووبەڕوی مامۆستایان دەبێتەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانن ستراتیژەکانی فێر بونی کارا جێبەجێبکەن و لەکاتی وانەوتنەوەدا ئامانجەکانیان بەدیبهێن و پێوانەی بکەن( ابو الحاج، ٢٠٢٢، ٤٤٣)

پێناسەی ڕێککاری: بریتیە لەو ئاستەنگ و بەربەستە فزیکی و کارگێری و معنویانەی کە ڕێگری دەکەن لە جێبەجێکردن ستراتیژەکانی فێربوونی کارا و گەشتنی مامۆستایانی قۆناغی بنەرەتی بە ئامانجەکانیان لە کاتی وانەوتنەوەدا بابەتەکانی خوێندندا.

●ستراتیژ:

پێناسەی (الرفاعي، ٢٠١٢)

بــریتیە لە کۆمەڵێــک ڕێککــار و کــردار و چــالاکیی، کە بەشــدارن لە بەدەســتهێنانی ئەنجــامە پەروەردەییەکــان لە زانــین و زانیــاری و بەهاکــان و هەڵوێســت و شــارەزاییەکان و کارماییەکــان. (الرفاعی، ٢٠١٢، ١٥٨)

پێناسـەیی ڕێککـاری: بـریتیە لە کۆماڵێـک ڕێـگەی وانەوتـنەوە یـا هەنگـاوی ڕێکخـراو کە مامۆسـتا قۆنـاغی بنەڕەتـی لە کـاتی پلانـی وانەوتـنەوە و جێبەجێکردنیـدا لەگەڵ قوتابیەکـانی پەیڕەوی دەکـات، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە خواستراوەکان بە شێوەیەکی تەواو.

●فێربونی کارا:

پێناسەی (یحیی عطیة واخرون، ٢٠١٠)

ئاراستەیەکی پەروەردەیی نوێ یە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو کردارانەی کە ڕۆڵی قوتابی ئەکتیڤ دەکـات و دەیکاتە سەنتەری پرۆسەی فێربوون، ژینگەیەکی چالاک دەخولقێنێت کە قوتابی کاردەکات توێژینەوەداکـات بیردەکـاتەوە بەمەبەسـتی بەدەسـت هێنـانی زانیـاری و لێهـاتویی و بەهاکـان، ڕۆڵـی مامۆسـتا لە پرۆسـەکەدا ئاراستەکردن و ڕاوێژکردن دەبێت. (یحیی عطیة واخرون، ٢٠١٠، لا ١١)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پێناسەی (عامر والمصری، ٢٠١٤)

بــریتیە لە پرۆســەیەکی فێرکــاریی کە لەســەر بنەمــایی چــالاکی بونیــاتنراوە و لە ڕێــگەیەوە قوتابیــان بە شێوەیەکی چالاک و کـاریگەر بەشـداری پرۆسـەی فێربـوون دەکەن، هاوکـات مامۆسـتا ڕۆڵـی ئاراسـتەکردن دەبێت، لەم ڕێگەیەوە فێرخوزان کارامەییەکان وفێرکردن و فێربون بەدەستدەهێنن، بەرپرسیارێتی پرۆسەی فێربون لەسەر شانی خۆیان دەبێت. (عامر والمصری، ٢٠١٤)

پێناسەی (الناصر، ٢٠٢٠)

بریتیە لە زنجیرەیەک لە ڕێککار و قۆناغی ڕێکخراو پشت دەبەستێت بە چالاک کردنی ڕۆڵی قوتابی لە پرەسەی فێربونیدا، لە ڕێگەی چلاکیەوە کە جەخت لەسەر بەشداری و دەسپێشخەری قوتـابی دەکـاتەوە لە دۆخە فێرکاریرکاندا، بە ئامانجی گەشەپێدانی کاسایەتی قوتابی لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا وئاراستەکانی. (الناصر، ٢٠٢٠، لا٥)

هەروەها عزیز، ٢٠٢١ دەڵێت: مەبەست لە فێربوونی کارا لای مامۆستا لێکەوتنەوەی فێربوونێکی ئەکتیڤ و کـارایە لای قوتـابی، واتـا مـانەوەو پاراستنی ئەو فێربـوونەی کە قوتـابی فێـری بـووە و بەکارهێنـانی ئەو

فێربوونە لە هەڵوویست و شوێنی جیاوازدا هەوەها کەسەکە بتوانێ لە ژیانی کردەیی کاری پێکات کاتێ فێربوون کارایە کە ئەو وانەیەیی دەیخوێنێت بتوانێ سودی لێ ببینێت.(عزیز، ٢٠٢١، لا ٤٩).

پێناسەی ڕێککاری: هەموو ئەو کردارانەیە کە مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی جێبەجێیی دەکات تاکو ڕۆڵی قوتابی ئەکتیڤ دەکات و دەیکاتە سەنتەری پرۆسەی فێربوون، ژینگەیەکی چالاک دەخولقێنێت کە قوتابی کاردەکات توێژینەوەداکات بیردەکاتەوە بەمەبەستی بەدەست هێنانی زانیاری و لێهاتویی و بەهاکان.

__پێشینەی تیۆری:__

### چەمکی فێربوونی کارا:

فێربوونی کارا بریتییە لە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی کەلە کۆتایی سەدەی بیستەم دەرکەوت و لەسەرەتای سەدەی بیست و یەک گرنگی زۆری پێدرا، کە ئامانج لێی چالاککردنی ڕۆڵی قوتابیەکەیە و وا لە قوتابی دەکات کە گرنگ بێت لە پرۆسەی فێربوونی پەروەردەییدا و هەوڵدەدات قوتابیەکە لە دۆخی وەرگرە پاسیڤەکەوە بگوازێتەوە (وەک لە میتۆدی وانەوتنەوەدا) بۆ قوتابیی ئەرێنی و کاریگەری لە بارودۆخی پەروەردەییدا (هەروەک لە ستراتیژی فێربوونی چالاکدا) ، بە ئامانجکردنی توانای بیرکردنەوەی بەرزتر لە پلەی یەکەم وەک شیکردنەوە و بەدەستهێنانی شارەزایی، بەدەستهێنانی زانیاری، هەڵوێست و بەهاکان.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

هەموو ئەمانە مانای ئەوەن کە بەشداریکردنی چالاک و ئەرێنی قوتابی لە دۆخە جیاوازەکانی فێربوون، دانانی بەرپرسیارێتی فێربوون لەسەر قوتابی یان قوتابی، دەرچوون لە چوارچێوەی پەروەردەی نەریتی و کردنەوە بۆ نوێ، پشتبەستنی قوتابیەکە بە بەدەستهێنانی کارامەیی و بەدەستهێنانی زانیاری (و چارەسەرکردنی کێشەکان بەگشتی) بەبێ ئەوەی پشت بە میتۆدە کلاسیکییەکانی وەک بیرەوەری ببەستێت، پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی قوتابیەکە بۆ ئەوەی بتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات.(الجمل، ٢٠١٥) (الصادق، ٢٠١١)

### گرنگی فێربونی کارا:

زۆر لە توێژەران باسی گرنگی و باشیەکانی فێربوونی کارایان کردوە کە بریتین لە:

ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر توێژینەوە، ڕەخنە، خۆ فێربوون و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاری (فێربوون).

فێربوونی چالاک قوتابیان هاندەدات بۆ بەشداریکردن لە تێگەیشتنیان لە زانیاری نوێ.

قوتابیەکان لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا دەستیان دەگات بە چارەسەری مانادار و ئاشنایی دەبن.

قوتابیان زۆرجار گرنگییەکی زۆر دەدەن بەو ئەرک و کارانەی کە خۆیان ئەنجامی دەدەن (جا بە تاکەکەسی بێت یان بە کۆمەڵ) ، کە وایان لێدەکات تەرکیز بکەنەوە لەسەری و سەرنجی بدەن کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئەنجامێکی باش.

فێربوونی چالاک قوتابیان ناچار دەکات کە چەندین زانیاری پەیوەندیدار بە بابەتە جیاوازەکانەوە بەکاربهێنن (وەک لە بارودۆخی ژیانی ڕاستەقینەدا)، زیادکردنی تێکەڵاوی قوتابیان لە کارکردندا، فێربوونی چێژ و خۆشی، پەرەپێدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابی و یەکتری و لە نێوان مامۆستادا، دروستکردنی متمانە بەخۆبوون و توانای دەربڕینی بیروڕا، هاندانی فێربوون، قوتابیان ڕاهاتوون بە پەیڕەوکردنی یاساکانی کار و پەرەپێدانی هەڵوێست و بەها ئەرێنییەکان، بەهێزکردنی ڕۆحی بەرپرسیارێتی و دەستپێشخەری لە نێوان قوتابیاندا، وەرگرتنی فیدباکی ڕاستەوخۆ. (تمام واخرون، ٢٠١٠، ٥٠) ( تمام و طه، ٢٠١٣، ١١٩)

**ئامانجەکانی فێربونی کارا:**

هاندانی قوتابیان بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و شیکردنەوە بۆ باشتر تێگەیشتن لە چەمک و ماددەکان و بڕیاردانی زانراو، پەرەپێدانی کارامەییەکانی فێربوونی خۆیی: باشترکردنی توانای قوتابیان بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی فێربوونیان و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کات و هەوڵەکانیان، هاندانی هاوکاری و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان قوتابیان لە ڕێگەی کاری تیمی و گفتوگۆکردن و هاوبەشکردنی بیرۆکەکان.

هاندانی قوتابیان بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە وانەکاندا لە ڕێگەی پرسیار و گفتوگۆ و چالاکی کارلێکەوە، باشترکردنی توانای توێژینەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی قوتابیان بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە بابەتەکە، هاندانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ئامرازە دیجیتاڵییەکان لە پرۆسەی فێربوون و دابینکردنی یارمەتییەکانی فێرکردنی داهێنەرانە، باشترکردنی توانای قوتابیان بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و گەڕان بەدوای چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکان، بەهێزکردنی قوتابیان بۆ سەربەخۆبوون لە فێربوونیان و ڕێکخستنی ڕێگا پەروەردەییەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێداویستییە تایبەتییەکانیان، هاندانی قوتابیان بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لە چەمکەکان و جێبەجێکردنیان لە چوارچێوەی جیهانی ڕاستەقینەدا نەک لە بیرکردنەوەی ڕووکەشی زانیاری، وا لە پرۆسەی فێربوون بکە کە خۆش و هاندەر بێت بۆ ئەوەی قوتابیان هان بدرێن بۆ بەشداریکردن و بەردەوام بوون لە فێربوون. ( سعادة واخرون، 2006)(رفاعي، 2012)(المصري و عامر، 2014)

**بنەماکانی فێربونی کارا:**

ئەمانە بنەما و کۆڵەکەکانن کە تەنها دەتوانرێت جێبەجێ بکرێن، گرنگترینیان بریتین لە:

- بەکارهێنانی ستراتیژی فێرکردنی ناوەندی (چالاک).

بەشداریکردنی قوتابیان لە دیاریکردنی ئامانجەکانی پەروەردە، سیستەمی کار و یاساکان.

١- دابینکردنی دەرفەت بۆ هەر قوتابییەک بۆ فێربوون بە خێرایی خۆی (جیاوازی).

- دڵنیابوون لەوەی کە کەشێکی خۆشی و خۆشی و ئارامی لە کاتی فێربووندا دابین دەکرێت.

هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی فێربوون، ئامراز و ئامرازەکان.

- بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە خۆ هەڵسەنگاندن و هەڵسەنگاندنی هاوڕێ دەبەستێت.

قوتابیان ڕاهاتوون بۆ بەڕێوەبردنی خۆبەڕێوەبردن (خۆبەڕێوەبردن و بڕیاردان).

- دابینکردنی یارمەتی بۆ قوتابیان هەر کاتێک پێویستیان پێی بوو (بەدواداچوون).

یارمەتیدانی قوتابی بۆ دۆزینەوەی بەهێزی کەسایەتی و کارەکەی...

بنەماکانی فێربوونی چالاک ئەو بنەما بنچینەییانەن کە ڕێنمایی پرۆسەی فێربوونی چالاک دەکەن و بەشداری دەکەن لە ئەنجامدانی زۆرترین. ئەمەی خوارەوە چەند بنەمایەکی سەرەکی فێربوونی چالاکە:

بنەمای بەشداری چالاک: قوتابی دەبێت چالاک بێت لە پرۆسەی فێربوون و بەشداری چالاکانە تێیدا. ئەمە پرسیارکردن، لێکۆڵینەوە، گفتوگۆکردن، چارەسەرکردنی کێشەکان و پێشکەشکردنی بیرۆکەکان دەگرێتەوە.

بنەمای بنیاتنانی زانین: فێربوونی چالاک لەسەر بنەمای بەکارهێنانی زانیاری پێشووی قوتابیان دامەزراوە وەک بنەمایەک بۆ بنیاتنانی زانیاری نوێ. پێویستە قوتابیەکان ئەزموونی پێشوو و پەیوەندییەکانی نێوان چەمکەکان بەکاربهێنن بۆ تێگەیشتن لە بابەتی نوێ.

بنەمای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی: فێربوونی چالاک هانی قوتابیان دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و ڕەخنەگرانە هەڵسەنگاندن بۆ زانیاری و بیرۆکەکان بکەن. ئەمە پەرەپێدانی بیرکردنەوە و شیکردنەوە و شارەزایی بڕیاردان دەگرێتەوە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بنەمای خۆبەڕێوەبردن: فێربوونی چالاک هانی قوتابیان دەدات بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانی فێربوونی خۆیی و توانای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کات و هەوڵەکانیان. ئەوان دەتوانن ئامانجە پەروەردەییەکانی خۆیان و ئامرازەکانی بەدیهێنانیان پێناسە بکەن.

بنەمای فێربوون لە ئەزموونەکانەوە: فێربوونی چالاک هانی قوتابیان دەدات بۆ فێربوون لە ڕێگەی ئەزموونی کرداری و چالاکییە کردارییەکانەوە. ئەم تاقیکردنەوانە دەتوانن وانەی بوار و بەکارهێنانی کرداری چەمکەکانی پارامیتەر لەخۆ بگرێت.

بنەمای فێربوونی کۆمەڵایەتی: فێربوونی چالاک هانی هاوکاری و کارلێکی کۆمەڵایەتی دەدات لەنێوان قوتابیاندا. قوتابیان دەتوانن لەگەڵ یەکتردا هاوکاری یەکتر بکەن لە پرۆژە و گفتوگۆی گروپدا.

بنەمای هەمەجۆری ڕێگاکان: فێربوونی چالاک بەکارهێنانی میتۆدە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن لەخۆ دەگرێت وەک گفتوگۆکانی پۆل، فێربوونی پرۆژە و چالاکی کارلێک.

ئەم بنەمایانە یارمەتیدەرن بۆ هاندانی قوتابیان بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گەورەتر لە پرۆسەی فێربووندا بگێڕن و تێگەیشتنێکی قووڵیان باشتر بکەن و زۆرترین ئەزموونی فێربوونیان بەدەست بهێنن. ( السلام، 2021، 19) (سعادة واخرون، 2006، 47)( عبدالخالق، 2007، 45)( راشد، 2005، 26)

**ڕۆڵی مامۆستا لە فێربونی کارادا:**

ڕۆڵی مامۆستا لەوەدا دەردەکەوێت کە چیتر تاکە و سەرچاوەی زانیاری نییە، بەڵکو بووەتە ئاراستەکار، ڕێبەر، هاندەر و ئاسانکاری فێربوون. مامۆستا کۆنترۆڵی بارودۆخی پەروەردەیی ناکات، بەڵام بە شێوەیەکی زیرەکانە بەڕێوەی دەبات و قوتابیان بە ئاسانی بەرەو ئامانجەکە ئاراستە دەکات، پرسیاری گونجاو بکە- دیزاینکردنی هاندەر و بارودۆخی پەروەردەیی سەرنجڕاکێش. هەڵبژاردنی پەروەردەی هەڵبژاردنی پەروەردە . هەمەجۆرکردنی شێوازەکانی فێرکردن و تەکنیکەکانی چالاککردنی پۆل. هاندان و هاندانی قوتابیان.

١-گرنگیدان بە چالاکی تاک و کۆمەڵ لە کاتی وانە وتنەوەدا.

٢- پەرەپێدان و پەرەپێدانی بەرنامەی خوێندن، گواستنەوەی قوتابی لە فێربوونی نەریتییەوە بۆ فێربوونی کاریگەر.

٣- هە ڵبژاردنی ئە و شێواز و ستراتیژانە ی کە گونجاون بۆ فێربوونی چالاک.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٤-دەرفەتی بەشداریکردنی چالاکانەی قوتابیان لە بواری پەروەردەدا بڕەخسێنێت.

مامۆستا لەگەڵ هاوکارەکانیدا هاوکاری دەکات، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هاندانی فێربوونی چالاک.

٥- هەڵسوکەوت و بەهاکان دەهێڵێتەوە لە ماوەی پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا، کە بەشداری دەکات لە برەودان بە ڕەوشتی ئایینی و ئەخلاقی قوتابیان. ( طعيمة، 2010، 136-148)

**ڕۆڵی قوتابی لە فێربونی کارا :**

١ـ ئارەزوی ڕاستەقینە بۆ بەژداریکردن لە ئەزموونە پەروەردەییە نافەرمییەکان.

٢ـ بەرزنرخاندنی بەهای ئاڵوگۆڕی بیروبۆچون لەگەڵ ئەوانی تردا.

٣ـــ پابەندبوون بەهەوڵی پیویست و تەرخانکردنێ کاتی پێویست بۆ کۆبونەوەی ڕێکخراو لەگەل ڕاوێژکاری دەرونی.

٤ـ متمانەی قوتابی بەتواناکانی بۆ مامەڵەکردنی سەرکەوتوانە لەگەل ژینگەی پەروەردەی دەوروبەری.

٥ـــ قوتابی ئەو زانست و لێهاتوی وهەڵوێستانەی کە لەبارودۆخی نوێی پەروەردەدا و ژیانیدا بەدەستی هێناوە بەکاردەهێنێت. (سيد والجمل،٢٠١٢،لا ١٠٥)

قوتابی لە بواری فێربونی چالاکدا ئەرێنییە و بەشدارە لە پرۆسەی پەروەردەدا:

دەست پێدەکات، کارلێک دەکات، گفتوگۆ دەکات و پرسیار دەکات.

- گەڕان بەدوای زانیاری لە چەند سەرچاوەیەکەوە.

- هەڵسەنگاندنی خۆیی و هەڵسەنگاندنی هاوتا.

ئەو بە گرووپ کار دەکات و لەگەڵ هاوکارەکانی کار دەکات.

- بەشداریکردن لە پلاندانان و جێبەجێکردنی وانەکان. ( تمام و اخرون، 2010، 49)

**ئاستەنگەکانی فێربونی کارا:**

١-پێویستی مامۆستا بۆ تواناو کارامەییەکی بەرز لە وانەوتنەوەدا.

٢- نەبوونی پلانێکی تێرو پڕ کە بگونجێت لە گەڵ هەموو قوتابیان لە لایەن هەندێ لە مامۆستایانە وە.

٣- نەبوونی ڕێکارێکی تایبەت لەبار بێت بۆ ژینگەی قوتابیان لە لایە ن هەندێ لە مامۆستایانە وە.( الراعي، ٢٠١٥)

هەرچەندە فێربوونی چالاک ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ برەودان بەفێربوونی کاریگەر و پەرەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بەڵام هەندێک بەربەست هەیە لەبەردەم جێبەجێکردنی سەرکەوتوویدا. ئەمەی خوارەوە هەندێک لەو سنوورانەیە:

هەڵسەنگاندنە نەریتییەکان(تقلیدی): لە سیستەمی پەروەردەیی نەریتیدا، هەڵسەنگاندن بەزۆری پشت دەبەستێت بە تاقیکردنەوەی کورتخایەن و تاقیکردنەوەی کاغەز. ئەمە دەکرێت بەربەستێک بێت لەبەردەم هەڵگرتنی ڕێگایەکی فێربوونی چالاک، چونکە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و تایبەتمەند لەوانەیە پێویستی بە کات و هەوڵی زیاتر بێت.

ژینگەی پەروەردەیی: هەندێک ژینگەی فێربوون گونجاو نین بۆ جێبەجێکردنی فێربوونی چالاک. بۆ نموونە، نەبوونی تەکنەلۆژیا لەوانەیە ڕێکخستنی چالاکی فێربوونی چالاک قورس بکات.

مامۆستایانی وانەبێژ: مامۆستایان پێویستیان بە پەرەپێدانی شارەزایی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتووانە دیزاین و جێبەجێکردنی ئەزموونی فێربوونی چالاک بکەن. نەبوونی ڕاهێنان و ئەزموون لەم ڕێگایەدا لەوانەیە بەربەست بێت.(Azhi et al, 2023, 115)

کات و خشتە: پلاندانان و جێبەجێکردنی فێربوونی چالاک لەوانەیە گران بێت لە ڕووی کات و هەوڵەوە. لەوانەیە زەحمەتبێت ڕێکخستنی ئەم چالاکییانە بەشێوەیەکی کاریگەر لەکاتی خشتەی قوتابخانە سنووردارەکاندا.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

سەرچاوە سنووردارکراوەکان: بەردەستبوونی سنووورداری سەرچاوە پەروەردەییەکان، جا ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بێت یان کەرەستەی فێربوون، دەتوانێت بەربەستێک بێت لەبەردەم جێبەجێکردنی کاریگەری فێربوونی چالاک.

پێداویستییە جیاوازەکانی قوتابیان: پێویستە پێداویستییە جیاوازەکانی قوتابی، ئاستی زانستی و کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکرێت لە کاتی جێبەجێکردنی فێربوونی چالاک. لەوانەیە قورس بێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو قوتابیەکان.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کۆسپانەدا، پێویستە هەوڵەکان ئاراستە بکرێن بەرەو دابینکردنی ڕاهێنان و پشتیوانی گونجاو بۆ مامۆستایان و دابینکردنی سەرچاوە و ژینگەی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی فێربوونی چالاک بە سەرکەوتوویی. هەروەها پێویستە پەرەپێدانی ڕێوشوێنەکانی هەڵسەنگاندن کە لەگەڵ ئەم ڕێبازە پەروەردەییەدا گونجاو بێت هان بدرێت.

دڵەڕاوکێ و نارەحەتی لەنێو هەندێک لە مامۆستایان لە جێبەجێکردنی فێربوونی چالاک، لەوانەیە بەهۆی ترس لە ڕەخنەگرتن لەوانی تر بێت بەهۆی شکاندنی میتۆدە ئاشناکانی وانەوتنەوە و فێرکردن، و لەوانەیە بەهۆی نەبوونی هاندەری پێویست بێت بۆ هاندانی گۆڕانکاری یان هۆکاری تر.

-لاوازی ئاستی زانستی هەندێك لە مامۆستایان.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

-لاوازی بەدەمەوە هاتی هەنێکیان بۆ خۆباشتر کردن، سوود وەرنەگرتن لە زانیاریە کانی سەردەم.

-زانکۆکان و پەیمانگاکان هێشتا نەیان توانیوە مامۆستای باش پێبگەیەنن.

-خراپی گوزەرانی زۆرێك لە مامۆستایان.

-لاوازی زۆرێك لە مامۆستایان لە بەکار هێنانی کۆمپیوتەر و داتاشۆ هۆکارە کانی تر... .6 کەمی ئەو بەنارمانەی کە سوودمە ندن بۆ ئاسانکاری وانەوتنەوە.

-نەبوونی یاخود لاوازی کەشی ئەرێنی لە ناوەندەکانی خوێندن.

-نەبوونی هیوایەك و هاندەرێکی وا لای خوێندکاران تاکو بخوێنن، بۆیە ئەرکی مامۆستایان زۆر قورس بووە بەو هۆیەوە چونکە قوتابیەکان گیانی تێکۆشان و خوێندن و فێربوون زۆر لاوازە.

-پرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەك داڕێژراوە، زۆر جار ئەوەندەکورتکراوەتەوە تاکو هیچ بوارێکی تیانە ماوە بۆ پلان دانان و خوێندنی کارا،یاخود ئەوندە درێژ وئاڵۆز دانراوە مامۆستا تاقە تی وردەکاری زیاتری تیانە ماوە.

-لاوازی میکانیزمی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان وپاداشت کردنیان، لە لایەن سەرپەشتیاران و بەڕێوەبەرەکانەوە.

-نه شیاوی هەندێ لە باڵە خانەی قوتابخانە کان و نە بوونی پاڵپشتی دارایی تە واو بۆ دابینکردنی کەرەستەی پێویست.

-نە بوونی سە رچاوەی مادیی وە ك :كارە بای بەردەوام، ئامێری داتاشۆ، هۆڵی گونجاو، هۆڵی وەرزشی و هونە ری و تاقیگە و چڕی ژمارەی قوتابی لە پۆل دا، بوونی زیاتر لە قوتابخانەیە ك لەیە ك بینا دا.

( الراعي، 2015) ( سعيدي والحوسنية ، 2016، 33)

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەی( البنا و مصطفى، 2019)

ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی فێربوونی کارا لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان. نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (70) مامۆستای باخچەی ساوایان لە قوتابخانە گشتییەکانی پارێزگای دەریاچەکە لە ساڵی خوێندنی (20172018). توێژینەوەکە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە بوو. لە (24) 76٪ پێک هاتووە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە پۆلەکە بچووکە و ڕێگە بە بەکارهێنانی هەندێک چالاکی فێربوون نادات، نەبوونی ڕووناکی سروشتی لەناو ژووری چالاکی، نەبوونی ژمارەی گڵۆپی کارەبایی و ژاوەژاو لە پۆلدا. توێژینەوەکە لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاسپاردە دەرچوو کە پێویستە بۆ دابینکردنی تایبەتمەندی پۆلەکان کە ڕێگە بە جێبەجێکردنی هەندێک چالاکی فێربوونی کارا دەدات لە ڕووی بۆشایی و پلەی گەرمی و چڕی ڕووناکی و بەردەوامی و کوالێتی دەنگ و دەنگ، هەروەها بە ڕوونی و فراوانکردنی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێربوونی کارا لەلایەن مامۆستایانی باخچەی ساوایانەوە بۆ هاندانی قوتابیان بۆ بیرکردنەوە و هەماهەنگی و دۆزینەوە و ڕۆڵگێڕان و پێویستی ڕاهێنانی مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێربوونی کارا. بۆیە مامۆستاکان دەتوانن: باشترکردنی هەڵسوکەوتی قوتابیان بە شێوەیەکی ئەرێنی لە ڕێگەی ئەو بەها و بنەمایانەی کە فێری دەبن بە بەکارهێنانی میتۆدی ڕۆڵگێڕان و جەختکردنەوە لەسەر بیرۆکەکانی گەشەپێدانی خۆیی و متمانە بەخۆبوون و پوختەکردنی بابەتەکان بە بەکارهێنانی ستراتیژی بیرکردنەوە

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

توێژینەوەی( ابوالحاج، ٢٠٢٢)

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی کارا دەکات و تیشک دەخاتە سەر واقیع و بەربەستەکانی بەکارهێنانی. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەروەها ئامانجی توێژینەوە لەو پرسیارەیە: "واقیع و بەربەستەکانی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێربوونی کارا بۆ مامۆستایانی خوێندنی ئیسلامی پیاوان لە قۆناغی ناوەندیدا چین؟

شانشینی سعودیه؟" وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە کە بریتین لە: 1- ئایا بەکارهێنانی هەندێک ستراتیژی فێربوونی کارا لە کۆرسەکانی فێرکردنی خوێندنی ئیسلامی لە قۆناغی ناوەندی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە چییە؟ 2- ئەو بەربەستانە چین کە مامۆستایانی خوێندنی ئیسلامی ڕووبەڕووی دەبنەوە لە قۆناغی ناوەندیدا لە کاتی بەکارهێنانی ستراتیژی کارای فێربوونی پەیوەست بە مامۆستا و قوتابی و کۆرس و ژینگەی پەروەردەیی؟ بەم شێوەیە ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک ستراتیژی فێربوونی کارا بەکاردێت فێرکردنی خوێندنی ئیسلامی لە ئاستی ناوەندی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، هەروەها بۆ دەرخستنی بەربەستەکانی بەردەم مامۆستایانی خوێندنی ئیسلامی لە قۆناغی ناوەندی لە کاتی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی کارا پەیوەست بە مامۆستا، قوتابی، کۆرس و ژینگەی پەروەردەیی.

لەم توێژینەوەیەدا شێوازی شیکاری بەکارهێنراوە. نموونەی توێژینەوەکە لە (94) مامۆستای پیاو پێکهاتووە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە کە لە (25) بابەت پێکهاتووە بۆ پێوانی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ستراتیژی چالاکی فێربوون پەیوەست بە مامۆستا، قوتابی، کۆرس و ژینگەی پەروەردەیی. ئەنجامی لێکۆڵینەوە کە ئاستی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێربوونی کارا لە ڕوانگەی مامۆستایانی ئیسلامەوە ئاشکرا کرد

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

خوێندن، کە بە شێوەیەکی گشتی مامناوەندە، لەگەڵ مانای (2.70) و لادانی ستاندارد لە (0.205) ئەنجامی توێژینەوەکە سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری دووەم دەربارەی ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی خوێندنی ئیسلامی دەبنەوە لە قۆناغی ناوەندیدا کاتێک بەکارهێنانی ستراتیژی کارای فێربوونی پەیوەندیدار بە مامۆستا بە شێوەیەکی گشتی بەرزە، بە ڕێژەی (3.28) و لادانی ستاندارد (0.352). هەروەها بەربەستەکانی پەیوەندیدار بە قوتابییەکە بە شێوەیەکی گشتی بەرزن، بە تێکڕای (3.40) و تێکڕای (0.455). لەگەڵ ئەوەشدا، بەربەستەکانی پەیوەندیدار بە کۆرسەکە بە شێوەیەکی زۆر بەرزن، لەگەڵ ڕێژەی (3.26) و لادانی ستاندارد لە (0.458). هەروەها توێژینەوەکە ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە ئەو بەربەستانەی کە پەیوەندییان بە ژینگەی دوکالی بە شێوەیەکی گشتی بەرزە، لەگەڵ ڕێژەی (3.59) و لادانی ستاندارد (0.469).

توێژینەوەی (سمارە، ٢٠١٨)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئاستی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی کاراە لە نێوان مامۆستایانی زانست لە قوتابخانە ناوەندییەکان لە ئوردن و هەڵسەنگاندنەکانیان بۆ بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییە. هەروەها ئامانجی ئەوەیە کە کاریگەری گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە (ڕەگەز،

بروانامەی زانستی و ئەزموونی فێرکردن) لەم هەڵسەنگاندنانەدا دیاری بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، ڕاپرسییەک لە دوو بەش دروستکرا، یەکەمیان بۆ پێوانی ئاستی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی کارا، دووەمیان لە (25) بابەت پێکهاتووە بۆ پێوانی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیانە، کە دابەشکرابوون بەسەر چوار بواردا و بە نموونەی (344) مامۆستا بۆ کۆرسی زانستی زەوی لە بەنداوی ناوەندی. بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەوە هەڵبژێردران: یەکەم، سێیەم و پێنجەمی پارێزگای عەمانی پایتەخت. توێژینەوەکە دەریخستووە کە خەمڵاندنەکانی ئەو مامۆستایانە بۆ بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی کارا بە شێوەیەکی مامناوەند بوون (2.70). خەمڵاندنەکانیان بۆ بەربەستەکان لە هەموو بوارەکاندا پلەیەکی گەورە بوو، جگە لەو بەربەستانەی پەیوەندییان بە مامۆستاوە هەبوو، کە لە پلەیەکی لاوازدا بوو. هەروەها توێژینەوەکە دەریخستووە کە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕووی ئامارییەوە نەبووە لە نێوان سەلماندنی ئەم خەمڵاندنانە لەسەر بوارەکان بە گشتی بەهۆی کاریگەری گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە.

**●ڕێبازیی توێژینەوەکە و ڕێککاریەکانی:**

یەکەم: ڕێبازیی توێژینەوەکە:

ڕێبازیی توێژینەوەکە پەسنی(وەصفی) ڕوپێویە، بەهۆی گونجاوی لەگەڵ کێشەی توێژینەوەکە، بەجۆرێکە کە گرنگی بە کێشەو دیاردە مرۆی، کۆمەڵایەتی، سروشتیەکان دەدات لەکۆکردنەی زانیاریەکاندا، و وەسفێکی ورد لەبارەیانەوە دەخاتە ڕوو، هەروەها ڕێبازی وەسفی لە پێشینەی تیۆری و کۆکردنەوەی داتایی توێژینەوەکە بەکارهاتوە ئەمەش لەڕێگەی شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو، کۆکردنەوەی داتایی مەیدانی خستەنەڕوو و ڕاڤەکردنی.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

دووەم: کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەیی چەمچەماڵ، هەرچی نمونەی توێژینەوەکەیە پێکهاتوە لە ١٢٣ مامۆستا بە جۆرێک (٧٨) مێ و (٤٥) نێربوە. دابەشبوونە بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی (١) تایبەتمەندی نمونەی توێژینەوەکە

| گۆڕاو | جۆر | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| پسپۆڕی | کۆمەڵایەتی | ٣٢ | ٪٢٥ |
| | زانست و بیرکاری | ٤٣ | ٪٣٥ |
| | زمان | ٤٨ | ٪٣٩ |
| ئەزمون | کەمتر لە ٥ ساڵ | ١٩ | ٪١٥ |
| | ٥-١٠ ساڵ | ٣٧ | ٪٣٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | زیاتر لە ١٠ ساڵ | ٦٧ | ٪٥٥ |
| کۆ | | ١٢٣ | ٪١٠٠ |

چوارەم ئامرازی توێژینەوەکە:

بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بەبابەتی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکە فۆڕمی فۆڕمێکی ڕاپرسی بوو پێکهێنرا، ئەمەش دوای بەسەرداچونەوەی ئەدەبیاتی توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشتری پەیوەست بە بابەتی ئاستەنگیەکانی تایبەت فێربوونی کارا، دواتر توێژەر ئامرازەکەی بەشێوەی سەرەتایی خستە بەدەستی ژمارەیەک هەڵسەنگێنەرو پسپۆڕ، پاشان فۆڕمەکەی بەشێوەی کۆیایی دارشتەوە کە لە دوو بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەم زانیاری گشتی لەسەر ئەوکەسەی کە فۆڕمەکە پڕ دەکاتەوە، بەشی دووەم پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە بوو کەلە تەوەر پێکهاتبوو، تەوەرێک تایبەت بە مامۆستا، تەوەرێک تایبەت بە قوتابی، تەوەرێک تایبەت بە ژینگەی قوتابخانە، وە پێوەری لیکرتی پێنج بژاردەیی بۆ وەڵام دانەوە دیاریکرا.

●**ڕاستی ئامرازەکە:**

ڕاستی دادەنرێت بەمەرجێکی پێویست کەدەبێت بەرجەستەکرابێت لەو ئامرازەدا کە توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی لەسەر دوو هۆکاری گرنگ ڕاوەستاوە ئەوانیش مەبەست لەوکارەی ئامرازەکە پێی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو گرووپ و کۆمەڵەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، بۆ هێنانەدی ڕاستی ئامرازەکەش، توێژەر ئامرازەکەی بەشێوە سەرەتاییەکەی خستە بەردەستی ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پرۆگرام و پەروەردە و دەروونزانی و پێوانە و هەڵسەنگاندن و شێوازی وانەوتنەوە، بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و تێبینیەکانیان لەسەر ئەوەی تاچەند برگەکانی بەوردی دارێژراون و ڕوونن و شیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

دوای ئەوەی ڕاوبۆچوون و تێبینی و پێشنیاری هەڵسەنگێنەران وەرگیرا بۆ گۆڕینی هەندێك وشە و چاككردنی هەندێك برگە لەرووی زمانەوانی یەوە، بەم شێوەیە فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی پێکهات لە ( ٢٣ ) برگە کە دابەشکرابوون بەسەر (٤) تەوەرەدا، ئینجا ئامرازەکە ئامادەبوو بەشێوەی کۆتایی .

●نەگۆڕی ئامرازەکە:

بۆ دڵنیا بوون لە جێگیری ئامرازەکە هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ بەکارێنراوە لە ڕێگەی بەرنامەنامەی ئاماری SPSS تایبەت بە سیکاری ئاماریی، ئەنجامەکان بەم شێوەی خوارەوە بوون:

خشتەی (2) کارایی(معامل) جێگیریی ئەلفا کرۆنباخ بۆ تەوەرەکانی ئامرازەکە

| بوارەکان ژمارەی بڕگەکان | ژمارەی بڕگە | کارایی جێگیری |
|---|---|---|
| تەوەری یەکەم: ئاستەنگە کانی تایبەت بەژینگەی قوتابخانە | 5 | 0.882 |
| تەوەری دووەم: ئاستەنگی تایبەت بەمامۆستا | 12 | 0.867 |
| تەوەری سێیەم: ئاستەنگی تایبەت بە قوتابیان | 6 | 0.879 |
| کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەرەکە | 23 | 0.923 |

وەک لە خشتەکەی سەرەوە دەردەکەوێت کارایی جێگیری تەرەوەرەکانی توێژینەوەکە بەرزەو لەنێوان (0.867- 0.882) دایە و کارای جێگیری گشتی (0.923)یە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئامرازەکە پلەیەکی بەرزی لە جێگیری هەیە و دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت.

**●ئامرازەکانی ئامارکردنی توێژینەوەکە:**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە داتاکان داتاکان خرانە ناو بەنامەی ئاماریی، بۆ دیاریکردنی مەودای تەوەرەکانی ئامرازەکە، بەرزترین نمرە بژاردەکە لێدەرکردنی نزمترین نمرەی بژاردە ( ٥-١=٤) پاشان دابەشکردنی بەسەر ژمارەی بژاردەکان بۆ دەسکەوتنی مەودای هەر بژاردەیەک واتە ( ٤/٥= 0.80)، پاشان ئەم بەهایە کۆکراوەتەوە لەگەڵ نمرەی هەر بژاردەیەکی ئامرازەکە ئەمەش بۆ دیاریکردنی بەرزترین ئاست و نزمترین ئاستی هەر بژاردەیەک، بەم شێوەیە مەودای هەر بژاردەیەک دەکاتە:

خشتەی(٣) دابەشکردنی پۆلەکان بەپێی پلەبەندی بەکارهاتووی ئامرازەکە

| بژار | مەوداکەی |
|---|---|
| بەتوندی هاوڕام | 5.00--4.21 |
| هاوڕام | 4.20--3.41 |
| بەکەمی هاوڕام | 3.40—2.61 |
| هاوڕا نیم | 2.60—1.81 |
| هەمیشە هاوڕا نیم | 1.80—1.00 |

هەروەها بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر چەند ئامرازێکی ئامارکردنی بەکارهێناوە لەوانە:

هاوکۆلکەی الفا کرۆنباخ، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، (One way ANOVA)

● شـــــــــــيكردنەوەی ئەنجـــــــــــــامی تـــــــــــــــــــوێژینەوەکە:

ئامــانجی یەکەمــی تــوێژینەوەکە: ئاســتەنگیەکانی بەکارهێنــانی ســتراتیژیە کــانی فێربــوونی کــارا لای مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بەپێی بوارەکان ژینگەی قوتابخانە، مامۆستایان، قوتابیان.

بـۆ زانینـی ئاسـتەنگیەکانی بەکارهێنـانی سـتراتیژیەکانی فێربـوونی کـارا لای مامۆسـتایانی قۆنـاغی بنەڕەتـی بەپێـی بوارەکـان ژینگەی قوتابخـانە، مامۆسـتایان، قوتابیـان، تـوێژەر ناوەنـدی ژمێرەیـی و لادانـی پێوەری بۆ وەڵامەی بەشداربوان هەژمار کردوە، وەک لە خشتەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

خشتەی ( ٤ ) ناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری بۆ پرسیاری یەکەم

| ژ | بڕگرکان | ناوەندنی هەژمارکراو | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| بواری یەکەم: ئاستەنگەکانی تایبەت بە ژینگەی قوتابخانە | | | |
| 1. | کەمی پاڵپشتیکردنی مادی بۆ فەراهەکردنی ئامراز و کەرەستەکانی بەکارهێنانی فێربونی کارا. | 2.721 | 1.0122 |
| 2. | کەمی کاتی دیاریکراو بۆ هەر وانەیەك. | 3.222 | 0.9421 |
| 3. | نالەباری ژینگەی پۆل ( ڕوبەر و کەرەستەکان). | 2.912 | 0.891 |
| 4. | بڕوا پێنەبوونی ستافی بەڕێوەبردنی قوتابخانە بە گرنگی فێربونی کارا. | 3.121 | 1.1841 |
| 5. | بەردەستنەبونی ئامێر و تەکنەلۆژیای نوێ کە ئەم ستراتیژە دەخوازێت هەبێت. | 3.060 | 0.9276 |
| بواری دووەم: ئاستەنگی تایبەت بە مامۆستا | | | |
| **6.** | زۆری ئەرکی وانەوتنەو و ئیداری کە لە مامۆستا داواکراوە. | 3.113 | 1.9241 |
| **7.** | کەمی هاندانی مادی و مەعنەوی بۆ مامۆستا لێهاتوەکان لەوانەوتنەوەدا. | 3.312 | 0.8257 |
| **8.** | زۆری بەشەوانە مامۆستایان | 2.745 | 1.0012 |
| **9.** | کەمی ڕەخساندی خولەکانی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان کە سترتیجەکانی فێربونی کارا بەکار بهێنن. | 3.12 | 1.3162 |
| **10.** | نەبونی مامۆستایی یارمەتیدەر لە پۆلدا | 2.664 | 1.0253 |
| **11.** | دەقگرتنی مامۆستایان لەسەر ڕێگە کلاسیکیەکان لە وانەوتنەوە. | 3.655 | 0.8562 |
| **12.** | پێویستی ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر ستراتیجەکانی فێربونی کارا | 3.912 | 1.0775 |
| **13.** | لاوازی ئامادەکردنی ماۆستایان لەسەر ڕێگە نوێکانی وانەوتنەوە. | 3.452 | 0.9731 |
| **14.** | قورسی هەڵسەنگاندی لێهاتووی قوتابی بەبەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێربونی کارا | 3.377 | 1.1841 |
| **15.** | ترسی مامۆستا لە بەکارهێنانی سترتیژەکانی فێربونی کارا | 3.406 | 1.1300 |
| **16.** | بڕوانەبوونی مامۆستا بە سودەکانی فێربونی کارا لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەسکەوتی قوتابی. | 3.122 | 0.9931 |
| **17.** | بایەخ پێنەدانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەی بە ئاراستەکردنی مامۆستا بۆ فێربونی کارا. | 3.015 | 0.9823 |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

| | | | |
|---|---|---|---|
| بواری سێیەم: ئاستەنگی تایبەت بە قوتابیان | | | |
| .18 | کەمی زانیاری سەبارەت بە جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی فێربونی کارا. | 2.896 | 0.9671 |
| .19 | قوتابی بەباش دەزانیت لە پرۆسەی فێربووندا پشت بە مامۆستا ببەستێت. | 3.242 | 1.0856 |
| .20 | نەگونجانی ستراتیژەکانی فێربونی کارا لەگەڵ ئاستی قوتابیانی ناوچەکە. | 3.114 | 1.3521 |
| .21 | کەمی پاڵنەر لای قوتابی لە فێربوون بە بەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێربوونی کارا. | 2.945 | 0.7531 |
| .22 | قوتابیان هەستدەکەن کە فێربوون لی ڕێگەی ستراتیژەکانی فێربونی کاراوە کاتی زۆری دەوێت. | 2.246 | 1.0248 |
| .23 | بڕوانەبوونی قوتابی بە سودەکانی ستراتیژی فێربونی کارا. | 2.456 | 0.9134 |
| بواری چوارەم: ئاستەنگی پەیوەست بە پرۆگرام | | | |
| | نەگونجانی ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ ستراتیژی فێربونی کارا | 2.235 | 1.1203 |
| | جەختکردنەوەی بابەتەکان لەسەر لایەنی تیۆری و زانیاری پەتی | 2.723 | 0.8497 |
| | کەمی چالاکی فێرکردن لە نێو پرۆگرامەکان. | 2.481 | 1.0881 |
| | بابەتاکانی خوێندن زۆرن ولەگەڵ ستراتیژەکانی فێربونی کارا ناگونجێت | 3.489 | 1.2543 |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

خشتەی سەرەوە ئاماژە دەکات بەو ئاستەنگانەی ستراتیژی فێربونی کارا لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە بونی هەیە، کە چوار بوار و ٢٧ بڕگەیە لە خۆدەگرێت.

ئەنجامەکانی تایبەت بە بواری یەکەم ئاماژەدەکەن بۆ ئەو بەربەستانەی تایبەتە بە ژینگەی قوتابخانە و پێنج بڕگەی لەخۆ گرتوە، نمونەی بەشداربوان توێژینەوەکە کۆدەنگن لەسەر هەبوونی ئاستەنگ لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا، بە جۆرێک بڕگەی :کەمی کاتی دیاریکراو بۆ هەر وانەیەک، بڕوا پێنەبوونی ستافی بەڕێوەبردنی قوتابخانە بە گرنگی فێربونی کارا، بەهێزترین بەربەستی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارایە لە قۆناغی بنەڕەتی.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستوە کە ناوەندی گشتی تەوەری یەکەمی توێژینەوەکە دەکاتە (٣،٠٠٧)، ئەوە دەردەخات کە فەراهەمکردنی ژێرخانی پێویست بەردەستخستنی ئەوەی مامۆستا پێویستی پێیەتی لە کەرەستە و پێداویستی ڕۆڵێکی گرنگ و کارا دەبینێت لە بەدیهێنانی سوودەکانی جێبەجێ کردنی ڕێگەکانی فێربوونی کارا و ئاسانکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی لە پۆلدا.

ئەنجامەکانی تایبەت بە بواری دووەم ئاماژە دەکەن بۆ ئەو بەربەستانەی تایبەتە بە مامۆستا و ١٢ بڕگەی لەخۆ گرتوە، نمونەی بەشداربوان توێژینەوەکە کۆدەنگن لەسەر هەبوونی ئاستەنگ لە ڕێگەی

بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا، بەجۆرێک بڕگەی : کەمی ئەزموونی مامۆستایان لەسەر ستراتیجەکانی فێربونی کارا ، دەقگرتنی مامۆستایان لەسەر ڕێگە تەقلیدیەکانی وانەوتنەوە.، بەهێزترین بەربەستی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارایە لە قوناغی بنەڕەتی.

هەروەرهو ئەنجامەکان دەرینخستوە کە بڕگەی لاوازی ئامادەکردنی ماۆستایان لەسەر ڕێگە نوێکانی وانەوتنەوە، بڕگریەکی بەهێزە و هۆکاری بۆ ئەو ئامادەکریە دەگەڕێتەوە کە پێشتر بۆ مامۆستایان کراوە و کە بەرنامەکانی ئامادەکردن زیاتر گرنگی بەلایەنی تیۆری دراوە ڕاهنانی پێویست بە مامۆستایان نەکراوە لە باکارهێنانی ڕێگەکانی فێربوونی کارا.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستوە کە ناوەندی گشتی تەوەری دووەم توێژینەوەکە دەکاتە (٣٠٢٤١)، ئەوە دەردەخات کە بەربەستی زۆر هەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێربوونی کارا وەک، زۆری ئەرکی وانەوتنەو و ئیداری کە لە مامۆستا داواکراوە، کەمی هاندانی مادی و مەعنەوی بۆ مامۆستا لێهاتوەکان لەوانەوتنەوەدا، بڕوانەبوونی مامۆستا بە سودەکانی فێربونی کارا لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەسکەوتی قوتابی.

ئەنجامەکانی تایبەت بە بواری سێیەم ئاماژەدەکەن بۆ ئەو بەربەستانەی تایبەتە ئاستەنگی تایبەت بە قوتابیان و شەش بڕگەی لەخۆ گرتوە، نمونەی بەشداربوان توێژینەوەکە کۆدەنگن لەسەر هەبوونی ئاستەنگ لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا، بە جۆرێک بڕگەی: قوتابی بەباش دەزانێت لە پرۆسەی فێربووندا پشت بە مامۆستا ببەستێت.، بەهێزترین بەربەستی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارایە لە قۆناغی بنەڕەتی، کە بەردەوام قوتابیان پشت بەمامۆستاکانیان دەبەستن لە فێربوون هەروەها ڕانەهێنراون کە ئەرک و بەرپرسیارێتی فێربونی خۆیان هەڵبگرن.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستوە کە ناوەندی گشتی تەوەری سێیەمی توێژینەوەکە دەکاتە (٢,٨١٦)، ئەوە دەردەخات، کە بەشداربوانی توێژینەوەکە وای دەبینن کەمی زانیاری سەبارەت بە جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی فێربونی کارا، کەمی پاڵنەر لای قوتابی لە فێربوون بە بەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێربوونی کارا، ئاستەنگیان دروستکردوە لە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژەدا.

ئەنجامەکانی تایبەت بە بواری چوارەم ئاماژەدەکەن بۆ ئەو بەربەستانەی تایبەتە ئاستەنگی تایبەت بە بەربەستەکانی پەیوەست بە پرۆگرام و چوار بڕگەی لەخۆ گرتوە، نمونەی بەشداربوان توێژینەوەکە کۆدەنگن لەسەر هەبوونی ئاستەنگ لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا کە پەیوەستە بە پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندنەوە، بە جۆرێک بڕگەی : بابەتاکانی خوێندن زۆرن ولەگەڵ ستراتیژەکانی فێربونی کارا ناگونجێت، بەهێزترین بەربەستی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارایە پەیوەست بە

پرۆگرام، کە ڕۆڵی نەرێنی بینیوە لە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە، بابەتەکان بارگرانیان لەسەر شانی مامۆستایان دروستکردوە و کاتی زۆری دەوێت بەبەکارهێنانی ئەم ستراتیژە.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستوە کە ناوەندی گشتی تەوەری چوارەم توێژینەوەکە دەکاتە (٢,٧٣٢)، ئەوە دەردەخات، کە بەشداربوانی توێژینەوەکە وای دەبینن بەربەستەکانی تایبەت بە پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە بەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێربوونی کارادا، لەوانەش نەگونجانی ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ ستراتیژی فێربونی کارا، جەختکردنەوەی بابەتەکان لەسەر لایەنی تیۆری و زانیاری پەتی، ئاستەنگیان دروستکردوە لە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژەدا.

**ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە:**

**زانینی جیاوازی ئاماری بەڵگەدار لە ئاستی مانادار (٠,٠٥) لە سروشتی ئاستەنگاکان کە کە ڕێگری لەمامۆستایان دەکەن، بەپێی گۆڕاوەکانی پسۆپری و ئەزمون.**

بۆ زانینی ئەم ئامانجی توێژەر تاقیکردنەوەی (One way ANOVA) بەکارهێناوە ئەنجامەکان بەم جۆرە بوون:

**خشتەی (٥) ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئامانجی دووەم**

| گۆڕاو | کۆی دووجاکان | | ناوەندی دوجاکان | باهای F | ئاستی بەڵگەداری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پسپۆڕی | نێوان گروپەکان | ٠,٢٨٦ | ٠,١٨٧ | ٠,٦٣١ | ٠,٠٥ | بەڵگەدار نیە |
| | لەناو گروپەکان | ١٤,٢١٣ | ٠,٣٧١ | | | |
| | کۆ | ١٤,٤٩٩ | | | | |
| ئەزموون | نێوان گروپەکان | ٠,٨٩١ | ٠,٤١٠ | ٠,٤٣٤ | ٠,٠٥ | بەڵگەدار نیە |
| | لەناو گروپەکان | ١٢,٤١٥ | ٠,٤٤٩ | | | |
| | کۆ | ١٣,٢٠١ | | | | |

وەک لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، شیکردنەوەی ئەنجامەکان ئەوەپیشان دەدەن کە جیاوازی ئاماری بەڵگەدار نییە لە ئاستەنگیەکانی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێروانینی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی و گۆڕاوی ئەزموون، دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوبارودۆخ ژینگەی فێرکردنەوی کەلە قوتابخانەکاندا هەیە و جیاوازی لە نێوانیاندا نیە.

دەرئەنجامەکان:

ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکان توێژینەکە ئەوە دەردەخەن کەکۆمەڵێک ئاستەنگیەکانی هەیە لەڕێگەیی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێروانینی مامۆستایانەوە، ئاستەنگیەکان

جۆراوجۆرن، لەوانە ئەو بەربەستانەی تایبەتە بە ژینگەی قوتابخانە هەر لە کەمی کاتی دیاریکراو بۆ هەر وانەیەک، بڕوا پێنەبوونی ستافی بەڕێوەبردنی قوتابخانە بە گرنگی فێربونی کارا.

هەروەها ئەنجامەکان توێژینەکە ئەوە پیشان داوە کەکۆمەڵێک ئاستەنگیەکانی هەیە لەڕێگەیی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە تایبەت بە مامۆستا وەک کەمی ئەزموونی مامۆستایان لەسەر ستراتیجەکانی فێربونی کارا ، دەقگرتنی مامۆستایان لەسەر ڕێگە تەقلیدیەکانی وانەوتنەوە.

هەروەها ئەنجامەکان توێژینەکە ئەوە دەردەخەن کەکۆمەڵێک ئاستەنگیەکانی هەیە لەڕێگەیی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە تایبەت بە قوتابیان لەوانە قوتابی بەباش دەزانیت لە پرۆسەی فێربووندا پشت بە مامۆستا ببەستێت.، بەهێزترین بەربەستی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارایە لە قۆناغی بنەڕەتی، کە بەردەوام قوتابیان پشت بەمامۆستاکانیان دەبەستن لە فێربوون هەروەها ڕانەهێنراون کە ئەرک و بەرپرسیارێتی فێربونی خۆیان هەڵبگرن.

هەروەها ئەنجامەکان توێژینەکە ئەوە دەردەخەن کەکۆمەڵێک ئاستەنگیەکانی هەیە لەڕێگەیی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە تایبەت بە پرۆگرام لەوانەش، بابەتاکانی خوێندن زۆرن ولەگەڵ ستراتیژەکانی فێربونی کارا ناگونجێت، بەهێزترین بەربەستی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارایە پەیوەست بە پرۆگرام، کە ڕۆڵی نەرێنی بینیوە لە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە، بابەتەکان بارگرانیان لەسەر شانی مامۆستایان دروستکردوە و کاتی زۆری دەوێت بەبەکارهێنانی ئەم ستراتیژە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لەکۆتاییدا شیکردنەوەی ئەنجامەکان ئەوەپیشان دەدەن کە جیاوازی ئاماری بەڵگەدار نییە لە ئاستەنگیەکانی بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی کارا لە قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی و گۆڕاوی ئەزموون.

ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر کۆمەڵێک ڕاسپاردە دەخاتەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

●پێویستە وەزارەتی پەروەردە خولی بەردەوام بۆ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بکاتەوە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر ستراتیژەکانی فێرکردنی کارا و دەرخستنی گرنگی ئەم ستراتیژانە بۆ مامۆستایان.

●ڕەخساندنی ژێرخانی تایبەت بە قوتابخانەکە لە ئامراز و کەرەستەی پێویست بۆ قوتابخانەکان وە بۆ مامۆستا تاکو هاوکاریان بکات لە جێبەجێکردنی ستراتیجەکانی فێرکردنی کارادا لە ناو پۆل وا لە دەرەوەی پۆلدا .

●کەمکردنەوەی ئەرکی ئیداری و وانەووتنەوە لەسەر شانی مامۆستایان لە قوتابخانە تاکوو بتوانێت ئامادەکاری باش بکا بۆ وانەکان و کاتی تایبەت تەرخان بکات بۆ وانەوتنەوەی بە ستراتیژی نویٚ.

● هەروەها فەراهەمکردنی گرووپێک لە ڕاهێنەران بۆ مامۆستایان تاکو هاوکاریان بێت لە تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ستراتیجەکانی فێرکردنی کارا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تەرکیزی ڕاهێنانەکان لەسەر لایەنی کردارێکی بێت.

● هەروەها وشیارکردنەوەی قوتابیان و کەسووکاری قوتابی دەربارەی گرنگی و سوودەکانی ستراتیجەکانی فێربوونی کارا لە بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفیان و ئاستی لێهاتوویيان هەروەها تێگەیشتن و کارامەبوونیان لە لەو بابەتانەی پێیان ئەدرێت تاکوو بتوانن قوتابیان بە ئەرکی خۆیان هەستن وە لێپرسراوەبن بەرامبەر ئەو بابەتانەی پێیان ئەدرێت وە دەورێکی کارایان هەبێت وبن بەسەنتەر لە پرۆسەی فێربووندا

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**المصادر:**

**الكردية**:


- عزیز، کریم احمد،(٢٠٢١)، ستراتیژیە نوێیەکانی وانەوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- نیزامەدین، فازیل(٢٠٠٣): فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، دەزگای ئاراس، هەولێر.

عەرەبیەکان:

- ابو الحاج، عبدالرحمن بن عبدالعزيز،(2022): واقع و معوقات استخدام استراتيجيات التعلم النشط لدى معلمي الدراسات الاسلامية في المرحلة الثانوي في المملكة العربية السعودية، مجلة العلوم التربوية والدراسات الانسانية، العدد 26، جامع تعز، اليمن.
- بدر، سعيدة علي(2016): فعالية برنامج قائم على بعض استراتيجيات التعلم النشط في تنمية الوعي البيئي لدى طفل الروضة، كلية رياض الاطفال، جامعة دمنهور.
- البنا، عمرو محمود و مصطفى، اية مبروك،(2019): معوقات تطبيق استراتيجيات تعلم النشط من وجهة نظر معلمات رياض الاطفال، المؤتمر العلمي الدولي الثاني لكلية رياض الاطفال، جامعة دمنهور، دمنهور.
- تمام، تمام اسماعيل،(2010)، المدخل الى المناهج و طرق التدريس، مكتبة الرشد-الناشرون، الرياض.
- تمام، شادية عبدالحليم و طه، أماني محمد،(2013)، التنمية المهنية للمعلم، المكتبة العصرية للنشر والتوزيع، القاهرة.
- جمل، محمد جهاد،(2018)، "التعلم النشط، مفهوم، الاسترتنيجيات، والتقويم النواتج التعلم"، دار الكتب الجامعى، الامارات العربية المتحدة.

- الجهيمي، احمد عبالرحمن (2009): معوقات استخدام استراتيجيات الحديثة في تدريس مقررات العلوم الشرعية في المرحلة الثانوية، مجلة العلقم الانسانية والاجتماعية، جامعة الامام محمد بن سعود، عدد 12.
- خلف الله، ولاء محمد(2014): لبرنامج تدريبي للطالبة المعلمة لتعيل مهارات التفكير التقليدية باستخدام بعض الاستراتيجيات التعلم النشط، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الرياض اطفال، جامعة القاهرة.
- دعاء عواد الركابي ا & ,.حواء عزيز كامل ا. (2023). مستوى الكفايات التدريسية لدى مدرسي العلوم في المرحلة المتوسطة وعلاقتها بالتعلم الذاتي لدى الطلبة .لارك.833-861 ,(Pt1/ 3)15 ,

  https://doi.org/10.31185/lark.Vol2.Iss50.3099
- راشد، علي،(2005)، كفايات الاداء التدريسي، دار الفكر العربي، القاهرة.
- الراعي، امجد( 2015)، فعالية استرايجية التعليم المتمايز في تدريس الرياضيات و الميل نحو الريضيات لدى طلاي الصف السابع الاساسي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، الجامعة الاسلامية، الغزة.
- الرفاعي، عفيل، (2012)، التعليم التشط، المفهوم والاستراتيجيات، و نواتج التعلم، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية.
- زيعور، محمد،(2006): عالم التربية ماهية وتاريخ وتطلعات، دار الهادي للنشر ،ط1، بيروت.
- سعادة، جودت و اخرون،(2006) التعلم النشط بين النظرية و التطبيق، دار الشورق للنشر و التوزيع، عمان.
- سعيدي، عبدالله بن خميس و الحوسنية، هدى بنت علي ،(2016)، استراتيجيات التعلم النشط 180 استراتيجية مع امُلة التطبيقية، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان.
- السلام، محمد،(2021)، استراتيجيات التعلم النشط، مكتبة النور، القاهرة.
- سمارة، نواف احمد(2018)، واقع و معوقات استراتيجيات التعلم النشط لدى معلمي العلوم للمرحلة الثانوية في الاردن، مجلة دراسان العلوم التربوية، المجلد 45، العدد 4.
- سماره، نواف احمد حسن،(2018)، واقع و معوقات استخدام استراتيجيات التعلم النشط لدى معلمي العلوم للمرحلة الثانوية في الاردن، مجلة العلوم التربوية، المجلد 45، العدد 4، جامعة مؤتة، الاردن.
- سيد، محمد و الجمل، عباس،(٢٠١٢)، اساليب التعليم و التعلم النشط، دار العلم و الايمان، القاهرة
- الشربيني، هانم ابو الخير(2012) فعالية استخدام استراتيجية العصف الذهني و برنامج الكورت في تنمية التفكير الابتكاري لدي اطفال الروضة، مجلة كلية التربية، دامعة المنصورة.
- الصادق، نهلة عبدالمعطي،(2011) فاعلية استراتيجية مقترحة لتدريس الفيزياء قائمة على النمذجة و التعلم النشط في التنمية مهارات الاستقصاء العلمي و المهارات الاجتماعية و التحصيل لدى الطلاب المرحلة الثانوية، رسالة دكتوراه، كلية التربية، جامعة الزقازيق، مصر.
- طعيمة، رشدي احمد،(2010)، الجودة الشاملة في التعليم، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان.
- عبدالخالق، رشراش أنيس،(2007)، طرائق النشط في التعليم والتقويم التربوي، دار النهضة العربية، بيروت.
- المصري، ايهاب و عامر، طارق،( 2014)، التعلم النشط، مؤسسة طيبة للنشر و التوزيع، عمان.
- المقاطي، صالح ابراهيم(2018) معوقات التدريس استراتيجيات الحديثة في التدريس القرر العلوم الشرعية في المرحلة الثانوية من وجهة نظر المعلمين، مجلة العلوم الانسانية والادارية، 13.


مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

- الناصر، محمد( 2020)، مستوى التدريس وفقا للتعلم النشط وصعوبات تنفيذه من وجهة نظر معلمي اللغة العربية بمحافظة القطيب بالمملكة العربية السعودية، المجلة الالكترونية الشاملة متعددة التخصصات، العدد الثاث و العشرون، 2020، عمان.
- يحيى عطية وأخرون (2010)، دليل المعلم للدراسات الاجتماعية وطننا العربي ظواهر جغرافية و حضارة اسلامية، الصف الثاني الاعدادي، قطاع الكتب، وزارة التربية والتعليم، عمان.
- Hama qazi, A., Ahmad, S., & Mohammad, Z. (2023). كاریگەریی ستراتیژی شەش ڕەهەندیی و SWOMلەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لەبابەتی مێژوودا، . *Journal of Garmian University*, *10*(3), 114-1127. https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10309

## References: Kurdish

1.Aziz, Karim Ahmad, (2021), New Teaching Strategies, Narin Publishing House, Erbil.

2.Nizamedin, Fazil (2003): Dictionary of Star Growth, Aras Publishing House, Erbil.

## Arabic:

3.Abu Al-Hajj, Abdulrahman bin Abdulaziz, (2022): The reality and obstacles to the use of active learning strategies among Islamic studies teachers in the secondary stage in the Kingdom of Saudi Arabia, Journal of Educational Sciences and Human Studies, Issue 26, Taiz University, Yemen.

4.Badr, Sa'ida Ali (2016): The effectiveness of a program based on some active learning strategies in developing environmental awareness among kindergarten children, Faculty of Kindergarten, Damanhour University.

5.Al-Banna, Amr Mahmoud and Mustafa, Aya Mabrouk, (2019): Obstacles to the application of active learning strategies from the point of view of kindergarten teachers, The Second International Scientific Conference of the Faculty of Kindergarten, Damanhour University, Damanhour.

6.Tamam, Tamam Ismail, (2010), Introduction to Curricula and Teaching Methods, Al-Rashd Library-Publishers, Riyadh.

7.Tamam, Shadia Abdel-Halim and Taha, Amani Muhammad, (2013), Professional Development for the Teacher, Modern Library for Publishing and Distribution, Cairo.

8.Jamal, Muhammad Jihad, (2018), "Active learning, concept, strategies, and evaluation of learning outcomes", Dar Al-Kutub Al-Jami'i, United Arab Emirates.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

9.Al-Jahimi, Ahmed Abdulrahman (2009): Obstacles to using modern strategies in teaching Islamic sciences courses in secondary school, Journal of Humanities and Social Sciences, Imam Muhammad bin Saud University, Issue 12.

10.Khalaf Allah, Walaa Muhammad (2014): A training program for student teachers to support traditional thinking skills using some active learning strategies, unpublished master's thesis, Faculty of Kindergarten, Cairo University.

11.Duaa Awad Al-Rikabi, A., & Hawa Aziz Kamel, A. (2023). The level of teaching competencies among science teachers in the intermediate stage and its relationship to self-learning among students. Lark, 15(3 /Pt1), 861-833. https://doi.org/10.31185/lark.Vol2.Iss50.3099

12.Rashid, Ali, (2005), Teaching Performance Competencies, Dar Al Fikr Al Arabi, Cairo.

13.

14.Al-Ra'i, Amjad (2015), The effectiveness of the differentiated education strategy in teaching mathematics and the tendency towards mathematics among seventh-grade students, unpublished master's thesis, Faculty of Education, Islamic University, Gaza.

15.Al-Rifai, Afael, (2012), Active education, concept, strategies, and learning outcomes, Dar Al-Jami'a Al-Jadida, Alexandria.

16.Zai'our, Muhammad, (2006): The world of education, its nature, history, and aspirations, Dar Al-Hadi for publishing, 1st ed., Beirut.

17.Sa'ada, Jawdat and others, (2006) Active learning between theory and application, Dar Al-Shorouk for publishing and distribution, Amman.

18.Sa'idi, Abdullah bin Khamis and Al-Hosni, Huda bint Ali, (2016), Active learning strategies 180 strategies with applied hope, Dar Al-Masirah for publishing and distribution, Amman.

19.Al-Salam, Muhammad, (2021), Active learning strategies, Al-Nour Library, Cairo.

20.Samara, Nawaf Ahmed (2018), Reality and Obstacles to Active Learning Strategies among Secondary School Science Teachers in Jordan, Journal of Educational Science Studies, Volume 45, Issue 4.

21.Samara, Nawaf Ahmed Hassan, (2018), Reality and Obstacles to Using Active Learning Strategies among Secondary School Science Teachers in Jordan, Journal of Educational Sciences, Volume 45, Issue 4, Mu'tah University, Jordan.

22.Sayed, Muhammad and Al-Jamal, Abbas, (2012), Active Teaching and Learning Methods, Dar Al-Ilm Wal-Iman, Cairo

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

23.Al-Sherbiny, Hanem Abu Al-Khair (2012) The Effectiveness of Using Brainstorming Strategy and the Kurt Program in Developing Innovative Thinking among Kindergarten Children, Journal of the Faculty of Education, Damia Al-Mansoura.

24.Al-Sadiq, Nahla Abdel-Moati, (2011) The effectiveness of a proposed strategy for teaching physics based on modeling and active learning in developing scientific inquiry skills, social skills and achievement among secondary school students, PhD thesis, Faculty of Education, Zagazig University, Egypt.

25.Ta'ima, Rushdi Ahmed, (2010), Total Quality in Education, Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution, Amman.

26.Abdul-Khaleq, Rashrash Anis, (2007), Active Methods in Education and Educational Evaluation, Dar Al-Nahda Al-Arabiya, Beirut.

27.Al-Masry, Ihab and Amer, Tariq, (2014), Active Learning, Taiba Foundation for Publishing and Distribution, Amman.

28.Al-Muqati, Saleh Ibrahim (2018) Obstacles to teaching modern strategies in teaching Islamic sciences in secondary school from the teachers' point of view, Journal of Humanities and Administrative Sciences, 13.

29.Al-Nasser, Muhammad (2020), The level of teaching according to active learning and the difficulties of implementing it from the point of view of Arabic language teachers in Al-Qateeb Governorate in the Kingdom of Saudi Arabia, the comprehensive multidisciplinary electronic journal, Issue No. 23, 2020, Amman.

30.Yahya Attia and others (2010), Teacher's Guide for Social Studies Our Arab Nation, Geographical Phenomena and Islamic Civilization, Second Preparatory Grade, Books Sector, Ministry of Education, Amman.

31.Hama Qazi , A. , Ahmad , S. , & Mohammad , Z. (2023). The effect of six-dimensional strategy and SWOM on the achievement of tenth grade literature students in history. Journal of the Garmian University, 10(3), 114-1127. https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10309

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية